کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-2-2007 18:28 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئاگاداری لە ناوەندی کوردی زوتەرمیر (لە هۆڵەندا) بۆساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە:

بەرێزان خوشکان، برایان، لە هەرکوێیەکن لە هۆڵەندا،

ئەگەرچی تەمەنی ناوەندەکەمان خۆی لە دوو ساڵ و چەند مانگێک دەدا، بەڵام هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا ناوەندەکەمان بیری لەو ئەرکە نەتەوەییە کردۆتەوە، کەوا لە ڕێگای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ساڵانە وەک ڕێوڕەسمێک هەم بۆ ناساندنی کورد و ئازارەکانی بە خەڵکی ئەم شارە، هەم بۆ بەزیندو هێشتنەوەی ئەو مەرگەساتەش لە بیر و یادی نەوەی تازەی کورد لە هەندەران و هەوڵێکیش بێت بۆ پەیداکردنی دۆست و هاوپەیمان لە پێناو ڕیگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتە کۆمەڵکوژیانە، چ لە کوردستان چ لە سەر ئاستی جیهاندا، لە 16 /2007/01 بەڕەسمی جارێکی تر داوامان لە خمێنتەی شاری زوتەرمیر کرد، کەوا بۆ ئیمساڵیش مۆڵەتی یادکردنەوەمان بداتێ، بەخۆشحالیەوە ئەوە بوو لە 2007/01/22 بە ئەرێنی وەڵامیان داینەوە، بۆیە ئاگاداری سەرجەم ڕەهەند و ڕێکخراوە کوردی و غەیرە کوردیەکان لە هۆڵەندا دەکەینەوە، کەوا لە ڕۆژی شەممە 2007/03/17 لە سەعات 13. 00 تا 16. 00 لە گۆڕەپانی Promenadeplein کە دەکەوێتە ناو سەنترۆمی شاری Zoetermeer، ئامادەبن، بۆ نمایشکردنی هەندێ چالاکی و ڕێپیوانێکی هێمنانە.

بە هاتن و بەشداریتان گیانی شەهیدەکانمان ئارام دەکەن و دەنگێکیش دەبن بۆ زیاتر ناساندنی کورد و دژایەتی کردنی لە ناوبردنی نەژادی و کۆمەڵکوژی لە جیهاندا، کە ئیمڕۆ ئەم پەیامە دروشم و پەیامی گەشاوە و شانازی پێکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هاوچەرخە.

بە هیوای دیدارتانین لەم کات و شوێنەدا. . . . هەر بژین و شاد و بەختەوەر بن.

ناوەندی کوردی زوتەرمیر

2007/01/30

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.